https://doi.org/10.31918/twejer. 21lich.02

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# گوتاری ناسنامەی نەتەوەیی لە پەرتووکی (مێژووی شارستانییەتەکان و مێژووی نوێ و هاوچەرخی پۆلی (١٠و١٢) ئامادەییدا

م. ی. هەورامان فەریق کەریم

زانکۆی سلێمانی/ ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی

قوتابیی دکتۆرای کۆمەڵناسی/ زانکۆی سەلاحەدین

hawraman.karim@univsul.edu.iq

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە بە پشتبەستن بە میتۆدی شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتاری نۆرمەن فرکلاف، پەرتووکی (مێژووی شارستانییەتەکان(٢٠١٥) و مێژووی نوێ و هاوچەرخ(٢٠١٥))ی پۆلەکانی (١٠و١٢) ئامادەیی وێژەیی قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان شیبکاتەوە و کتێبی پۆلی (١١) تایبەتە بە مێژووی ئەوروپا. توێژینەوەکە بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت بزانێت، کە تا چەند گوتاری ناسنامەی نەتەوەیی لەم دوو کتێبەدا ڕەنگیانداوەتەوە و ئایا ئەم دەقانە دەتوانن ناسنامەی نەتەوەیی وەک ئامرازێکی بەرەنگاربوونەوەی ئیمپریالیزمی زمانی بەرهەمبهێننەوە و زمان و کلتووری کوردی لە بەرانبەریدا بپارێزن. لە هەر دوو دەقدا هێماکانی ناسنامەی نەتەوەیی کە خۆی لە ئاڵا، نەخشە، ڕۆژژمێر و سروودی نەتەوەیی کوردستان، هەروەها سیمبولەکانی وەک پێشمەرگە، مۆنۆمێنت، شوێنەوارە کۆنەکان، ئەفسانە و ئەدەبیاتی کۆنی کوردی، دەستکەوتە کلتورییەکان و سەرکردە نەتەوەییەکاندا خۆی دەبینێتەوە، لە ئاستێکی زۆر لاوازدا خۆی نمایش دەکات. لە بەرانبەردا ناسنامەیەکی نەتەوەیی پارچەپارچە، کاریگەر بە ئاین، ژێردەستە و قوربانی بەرهەمدەهێننەوە.

**وشە کلیلییەکان**: شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتار ـ نۆرمەن فرکلاف، پەرتووکی مێژووی شارستانییەتەکان، پەرتووکی مێژووی نوێ و هاوچەرخ. گوتاری ناسنامەی نەتەوەیی، ئیمپریالیزمی زمانی.

## گوتاری ناسنامەی نەتەوەیی لە پەرتووکی (مێژووی شارستانییەتەکان و مێژووی نوێ و هاوچەرخی پۆلی (١٠و١٢) ئامادەییدا)

## دەروازە

### پێشەکی

ئەم توێژینەوە لە ڕوانگەی مێتۆدی شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتاری نۆرمەن فێرکلافەوە، شەنوکەوی دوو کتێبی (مێژووی شارستانییەتەکان (٢٠١٥) و مێژووی نوێ و هاوچەرخ (٢٠١٥)) پڕۆگرامی قۆناغی ئامادەیی قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان دەکات. توێژینەوەکەم بۆ پێنج تەوەرەی سەرەکی پۆلێنکردووە. دەروازەیەک بۆ توێژینەوە، ئەدەبیاتی توێژینەوە، مێتۆدی توێژینەوە و شیکردەوەی دەقەکانی توێژینەوە لەگەڵ ئەنجام.

پێش هەموو شتێک ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بکەم. ئەوەی کە ئەم دوو کتێبە چاپی (٢٠١٥)ن، و ڕەنگە لەگەڵ نوسخەکانی پێشوودا جیاواز بن.

### ١-٢- بەرایی

وڵات و نیشتیمان ئەو خەڵکانە لەخۆدەگرێت، کە بە خوێن، نەژاد، ڕەنگ و ئاین پێکەوە بەستراونەتەوە. لێرەوە خۆشەویستی بۆ نیشتیمان و هەندێکجار دەمارگیری بۆ نەتەوە و خاک دروستدەبێت. چ ئەوانەی لە "ڕوانگەی ئەزەلیگەراییەوە سەیری نەتەوە دەکەن و چ ئەوانەی ئیتنیکگەرایانە دەڕوانن"(وەلی، ١٣٩٨: ٨٨)، ناسیۆنالیزم یەکێکە لە بەرهەمەکانی ئەم پەیوەندییە و هەندێک جاریش خۆی بەرهەمهێنەریانە. کاتێک دەوڵەت ـ نەتەوەکانیش کە بەرهەمی مۆدێرنیتەن دروستبوون، هاوکات هەوڵی ئەوەشیاندا گوتاری خۆشەویستی بۆ نەتەوە و خاکیش بەرهەمبهێننەوە و دەست بە پڕۆسەی نەتەوەسازی بکەن. ناسیۆنالیزم لە

هەندێک حاڵەتدا بە چەمک و دیاردەی نەتەوەپەرستیشەوە دەبەسترێتەوە. نەتەوەپەرەستی زۆرجار ڕەنگدانەوەی هوشیاری نەتەوەیی و هەندێجار ڕەهەند یان وێنای ئەرێنیی ناسیۆنالیزمە... بەهەموو ئەمانەشەوە نەتەوەپەرستی مەرج نییە هەمیشە پەیوەست بێت بە ناسیۆنالیزمەوە. یەکێک لە گرنگترین ئەو دامەزراوانەی کە دەوڵەت و دەسەڵاتەکان گوتار و ئایدیۆلۆجیایەکی تایبەتی تێدا بەرهەمدەهێننەوە و دەگوازنەوە، پەروەردە و فێرکردنە. دەسەڵات لە ڕێگەی پرۆگرامەکانی خوێندنەوە دەتوانێت هەر جۆرە گوتارێک لەوانەش ناسنامەی نەتەوەیی هاوبەش دروستبکات. ناسنامەی نەتەوەییش زۆرجار بە ڕەگەزەکانییەوە دەناسرێتەوە وەک دی سمس ئاماژەی پێکردووە "پەرەپێدانی ناسنامەی نەتەوەیی پشت بە ئەفسانە بنەڕەتییەکان، سیمبولە کلتورییەکان، یادەوەرییە گەورەکان، پاڵەوانییەتە گەورەکان دەبەستێت." (Kingston,2019:5)

ئەگەر چاوێک لە کۆمەڵگەی کوردی بکەین دەبینین کە یەکێک لە خاڵە ناکۆک و جێی مشتومڕەکانی نێوان هەموو هێزەکان، لە ئەوپەڕی ڕاستەوە بۆ ئەوپەڕی چەپ ـ هەڵبەت چەپ وەک هزر بە واتا ڕاستەقینەکەی، گرنگی بە نەتەوە نادەن بەڵام لە کوردستاندا و لە ئەرزی واقیعدا وەک ئایدیۆلۆژیا و بانگەشە بەکاریدەهێنن ـ گوتاری "ناسیۆنالیزم" و خۆشەویستی و خەباتە لە پێناو نەتەوە و هەر یەکەیان ئەوی تر بە لاوازی هەستی نیشتیمانپەروەری تۆمەتبار دەکات و تەنانەت لە گوتاری فەرمی، میدیایی و کاتی بانگەشەی هەڵبژارندا بۆ ڕاکێشانی سۆزی جەماوەری خۆیان گوتاری نەتەوەیی و دروشمەکانی ناسیۆنالیزم بەرزدەکەنەوە. لێرەوە لەبەرئەوەی گوتار و دەسەڵات پەیوەندییەکی نەپساویان پێکەوە هەیە، هێزە باڵادەستەکان لە ڕێگەی پرۆگرامی پەروەردە و فێرکردنەوە هەوڵیانداوە گوتاری نەتەوایەتی بۆ نەوەی نوێ و ئایندە بگوازنەوە. ئامانج لەم کارە بە شێوەیەکی تەندروست

دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەییە. جا ئەگەر ئیمپریالیزمی زمانی، بریتی بێت لەوەی کە فیلیپسۆن پێناسەی دەکات، کە "ئیمپریالیزمی زمانیی[1] ئینگلیزی لە دنیاییێکدا کە بەجیهانیبوون ئەزموون دەکات، دەرخەری پەرەپێدانی ڕوولەزیادبوونی زمانی ئینگلیزییە لە بوارەکانی میدیا، پەروەردە، سیاسەت و زانستدا، کە زۆرجار بەرهەمی سیاسەتی زمانیی ئامانجدار و هوشیارانەی وڵاتانی ناسراو بە "سەنتەر"ە، واتە ئەمریکا و بەریتانیا، بە ئامانجی پەرەپێدانی کاریگەری و باڵادەستیی خۆیان بەسەر کۆمەڵگەکانی تردا کە بە کۆمەڵگە "پەراوێزخراوەکان" ناسراون"(زینی وند، نادری، ١٣٩٨: ١٨٢).

## ١-٢- پرسیارەکانی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە سەرنج دەخاتەسەر گەیشتن بە وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە:

- تا چەند گوتاری ناسنامەی نەتەوەیی لە نێو پەرتووکی مێژووی شارستانییەتەکان و مێژووی نوێ و هاوچەرخی پۆلەکانی (١٠و ١٢)ی ئامادەیی وێژەییدا ڕەنگیداوەتەوە؟

- ڕەگەزەکانی گوتاری ناسنامەی نەتەوەیی لەم دوو دەقەدا چین؟ چۆن دەتوانن لە بەرانبەر ئیمپریالیزمی زمانیدا ڕۆڵ ببینن؟

- ڕۆڵی دەسەڵات لەم ڕووەوە چییە؟ ئایا ئەم گوتارە ئایینییە هەوڵی پاراستنی دەسەڵات دەدات یان گۆڕانکاری تیاکردنی؟

## ٢- ئەدەبیاتی توێژینەوە

### ٢-١- شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتار

مێژووی سەرهەڵدان و بەکارهێنانی چەمکی گوتار و شیکردنەوەی گوتار[٢] زۆر کۆن نییە. دوابەدوای "ئەو وەرچاخەی کە پێی دەگوترێت پۆستمۆدێرنیزم" (بلیکی،1392: ٧٢) بۆ یەکەمجار و "لە ساڵی ١٩٥٢ دا، لە وتارێکدا، زمانناسی بەناوبانگی ئنگلیزی زلیک هەریس بەکاریهێنا و دواتر لە دەیەی ١٩٦٠ەوە هاتە نێو کایەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، هونەر و ئەدەبیاتەوە. "(برنز، ٢٠٠٢: ٢) ئاشکرایە کە "پێناسەی زاراوەکانی وەک گوتار، ڕەخنە، ئایدیۆلۆجیا، دەسەڵات و زۆرێکی تر چەمکی دیکەی پەیوەست بەم بابەتە فرەچەشنن. (Weiss & Wodak, 2012:12)" مەبەست لە "گوتار (Discourse) ئەوەیە کە زمان لە شێوەی کۆمەڵێک چوارچێوە و قاڵبدا ڕێکخراوە و خەڵک لە کاتی بەشداریکردنیان لە کایە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا لە ئاخاوتنیاندا پشت بەم قاڵبانە دەبەستن. وەکو گوتاری سیاسی، ئاینی و هتد"(یورگنسن و فیلیپس،1391:١٧). هەر مێتۆدێک کۆمەڵێک ئامانجی دیاریکراوی هەیە و "بەرزترین ئامانجی شیکردنەوەی گوتار پشتیوانیکردنە لە ئازادی، دەستڕاگەشتن بە مەعریفەی ڕاستەقینە لە ڕێگەی گوتاری ڕاستەقینەوە، یارمەتیدانی و پەردەلەسەرلادانی دەقە کۆمەڵایەتییە شێواوەکان و بالانسکردنەوەی بونیادی دەسەڵاتی پەیوەندییە" (محمدپور،١٣٩٣: ١٤٢).

خاڵی وەرچەرخان لەم بوارەی زمانناسیدا فردینان دی سۆسێرە. تێڕوانینەکانی ئەو بەناوبانگن بە زمانناسی بونیادگەرا. هەر لەمەشەوە بابەتی زمانیی کۆمەڵایەتیش هاتە کایەوە و تا هەنووکە هاوشانی گوتار دەبزوێت. زمانەوانیی کۆمەڵایەتی "زاراوەیەکە کە مەبەست لێی ڕۆڵی زمانە لە گوتاردا، بەڵام گوتار دەکرێ زیاتر لە زمان لەخۆبگرێ" (Gee, 2001:25). بە کورتی شیکردنەوەی گوتار، ئامانجی دەستنیشانکردنی

نایەکسانییەکان و دەرخستنی ڕاستییەکانە و پەیوەندییەکی نەپساوی هەیە لەتەک زماندا.

## ٢-٢- هێما یان ڕەگەزەکانی ناسنامەی نەتەوەیی؛

پەیوەندیی دەسەڵات و ململانێی کۆمەڵایەتی و گوتار دەکرێ لە دوو ڕەهەندەوە سەیربکرێن: یەکەم دەکرێ گوتار وەک بەشێک لە ململانێی کۆمەڵایەتی سەیربکرێت و لەناو دەقێکی بەرفراوانتردا بخرێتە ژێر وردبیینەوە، کە لێرەوە پەیوەندیی ئەم ململانێیەش لەسەر بونیادەکان دێتەگۆڕێ. لەلایەکی ترەوە دەکرێ ئەوە پیشانبدرێت کە کام پەیوەندی دەسەڵاتە کە گوتارەکە دیاریدەکات و خودی ئەم پەیوەندییانە دەرهاویشتەی ململانێی کۆمەڵایەتین و لە لایەن کەسانێکەوە کە خۆیان لەناو دەسەڵاتدان سەرهەڵدەدەن.

سەبارەت بە گوتاری ناسنامەی نەتەوەیی، کۆمەڵناسان ناسنامە بە هەستێکی دەزانن کە تاک لە کۆمەڵگەدا بەدەستیدەهێنێت و پاشان بە پشتبەستن بە خاڵە هاوبەشەکان یان جیاوازییەکانی لەتەک گروپەکانی تر، دەگاتە هەستێکی ناسنامەی سەربەخۆ"(لک،١٣٨٤: ١١٣) زمان یەکێکە لە ڕەگەزەکان و پەیوەندییەکی بەهێز و تەواوکەری لەتەک کلتووردا هەیە. هەموو کۆمەڵگە و وڵاتێک بە کلتوورەکەیەوە دەناسرێتەوە. ناسنامەی نەتەوەیی جگە لە زمانی یەکگرتوو، کۆمەڵێک ڕەگەزی دیکەی هەیە کە بە بێ ئەو ڕەگەزانە کۆمەڵگەیەکی بێناسنامە بەرهەمدێت. دامەزراوەی پەروەردە و فێرکردن و ئەو دەقانەی کە لە قوتابخانەکاندا دەخوێندرێن لە ڕێگەی زمانەوە دەبنە ئەو دەفرەی کە گوتاری ناسنامەی نەتەوەییان تێدا بەرهەمدەهێنرێتەوە و ڕەنگدەداتەوە. ئاڵا، سروودی نیشتیمانی، زمان، ئەفسانەکان، جەژن و بۆنە نەتەوەییەکان و بەرهەمە کلتوورییەکان پێناسەی ئەو وڵاتە دەکەن. کەوابوو زمانی کوردی وەک ڕەگەزێکی کلتوور و ناسنامەی کۆمەڵگەی کوردی لە تەنیشت ڕەگەزەکانی تر

پارێزگاری لە ناسنامەی نەتەوەییش دەکات. هەر لە ڕێگەی زمانەوەیە (زمانی ئاخاوتن، نووسین و بیرکردنەوە) کە مرۆڤەکان پێناسەی خۆیان، کلتوور و ناسنامەی خۆیان دەکەن. لە لایەکەوە، ناسنامەی نەتەوەیی زیاتر لەسەر بنەمای زمانی نەتەوەیی یان یەکگرتووەوە بێچم دەگرێت و لە لایەکی ترەوە زمانی نەتەوەیی لە ژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی ناسنامەی نەتەوەییدا دەبێت. کاتێک زمان و کلتووری کۆمەڵگە و نەتەوەیەک لاواز بێت، زمان و کلتووری دیکەی بەسەردا زاڵدەبێت. ئەمە جگە لە خۆبەدەستەوەدانی بەرانبەر بە ئیمپریالیزمی زمانی. ژوو[٣] باوەڕی وایە کە لە کۆمەڵگەیەکدا کە خاوەنی سیستەمێکی ئەلفوبێی نووسینی هاوشێوەیە، ناسنامەی گشتی بەهێزترە وەک لە کۆمەڵگەیەکدا کە خاوەنی سیستەمی نووسینی هاوبەش نییە. (Zhou,2000:145-146)

## ٣- میتۆدۆلۆجیای توێژینەوە:

بە لەبەرچاوگرتنی بابەت و سەرنجی توێژینەوەکە کە بریتییە لە توێژینەوەیەک لەسەر کتێبەکانی "مێژووی شارستانییەتەکان و مێژووی نوێ و هاوچەرخ"، میتۆدی شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتاری نۆرمەن فرکلاف کە یەکێکە لە بەپێزترین میتۆدەکانی ئەو بوارە بەکارهاتووە.

### ٣-١- شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتاری[٤] فرکلاف:

فرکلاف دوو گریمانەی تیۆریی بۆ بەرەوپێشبردنی تێزەکانی دەخاتەڕوو. یەکەم ئەوەیکە کارلێکی زارەکی شێوازێکی کردەی کۆمەڵایەتییە و وەک فۆرمەکانی تری کردەی کۆمەڵایەتی، واتە ئەوشتانەی کە خۆی ناویان لێدەنێت بونیادەکان ڕوون و ئاشکرایە. ئەم بونیادانە، هەموو بونیادە کۆمەڵایەتییەکان، جۆرە دۆخییەکان، سیمبولە زمانییەکان و نۆرمەکانی بەکارهێنانی زمان لەخۆدەگرن. گریمانەی دووەمیش ئەوەیە کە ئەم بونیادانە نەک تەنیا بە مەرجی پێویست بۆ کردە

هەژماردەکرێن، بەڵکو خۆیشیان بەرهەمی کردەن، یان بە واتایەکی تر کردەکان، بونیادەکان بەرهەمدەهێننەوە. مەبەستی فرکلاف لەم میتۆدە "ڕوونکردنەوەی سیستەماتیکی پەیوەندی و کار و کارلێکی نێوان پرەکتیزیی گوتاری، ڕووداو و دەقە بۆ ئەوەی کە لەم ڕێگەیەوە بگات بەوەی کە چۆن کردارەکان، ڕووداوەکان و دەقەکان گەشە دەکەن و ئایدیۆلۆجیانە بە هۆی پەیوەندیی نێوان دەسەڵات و ململانێوە لەسەر دەسەڵات شکڵ دەگرن."(Fairoclough, 1995:132) خاڵی گەوهەریی لە تیۆری شیکردنەوەی گوتاری ڕەخنەیی فرکلافدا ئەوەیە کە گوتار چەشنێکی گرنگە لە پرەکتیزی کۆمەڵایەتی، کە زانین، ناسنامەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەوانەش پەیوەندییەکانی دەسەڵات دووبارە بەرهەمدەهێنێتەوە و گۆڕانی بەسەردادەهێنێت و هاوکات پرەکتیزەکانی تریش و بونیادە کۆمەڵایەتییەکان فۆڕمی پێدەدەن. کەواتە گوتار پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لەگەڵ ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی تردا هەیە" (فلیپس و یورگنسن،1391: ١١٦).

## ٣-٢- نێواندەقی[٥] و نێوانگوتار[٦]ی:

مەبەست لە نێواندەقی، "ئاماژەدانە بە دۆخێک کە تیایدا هەموو ڕووداوە پەیوەندییەکان پشت بە ڕووداوەکانی پێشوو دەبەستن. واتە ناکرێ ڕێگە لە بەرکارهێنانی وشە و دەستەواژەکانی پێشوو بگیرێت لە لایەن تاکەکانەوە... نێواندەقی باس لە کاریگەریی مێژوو دەکات لەسەر دەق و کاریگەریی دەق لەسەر مێژوو کە لە ڕێگەیەوە دەقهەڵێنجان لە دەقەکانی پێش خۆی دەکات و یارمەتی گۆڕانکاری و گۆڕانی مێژووییشی دەدات". (هەمان سەرچاوە، ١٢٩) چەمکی نێواندەقی " پەیوەستە بەو ڕێگا و شێوازانەوە کە دەق دەگەڕێتەوە یان دەگەڕێنێتەوە بۆ دەقەکانی تر لە ڕێگەی چیرۆک یان گوتارەکانی ترەوە (Locke, 2004:9). شیکردنەوەی نێواندەقی سەرنجی ئێمە بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە دەقەکان وابەستەی

مێژوو و کۆمەڵگەن. بەو واتایەی کە مێژوو و کۆمەڵگە سەرچاوەگەلێکن کە شیکردنەوەی نێواندەقی لەناو شیرازە گوتارییەکاندا (کە ژانرە ئەدەبی، هونەری و گوتارەکان و... لەخۆدەگرێت) مومکین دەکەن" (فرکلاف، ١٣٧٩: ١٢٢). واتە ئایدیۆلۆجیا لە ڕوانگەی فرکلافەوە بریتییە لە واتا لە خزمەتی دەسەڵاتدا.

## ٣-٣- هەنگاوەکانی شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتاریی نۆرمەن فرکلاف:

شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتار خۆی لە سێ هەنگاودا دەبینێتەوە، کە ئەوانیش بریتین لە وەسفکردن (توصیف)، ڕاڤە (تفسیر) و ڕوونکردنەوە (تبیین). واتە وەسفی دەق، ڕاڤەی پەیوەندیی نێوان دەق و مامەڵە، ڕوونکردنەوەی پەیوەندیی نێوان مامەڵە و زەمینەی کۆمەڵایەتی.

**دەقەکانی توێژینەوە:**

هەڵبژاردنی دەق: ئەو دەقانەی کە لە لایەن توێژەرەوە هەڵبژێردراون بریتین لە کتێبەکانی مێژووی پۆلی (دە و دوانزە)ی پڕۆگرامی ئامادەیی وێژەیی قوتابخانە حکومییەکانی هەریمی کوردستان. کتێبەکانی ئەو دوو پۆلە هەڵبژێردراون، چونکە مێژووی پۆلی یانزە، باسی مێژووی ئەوروپای نوێ دەکات.

**٣-٣-١- هەنگاوی یەکەم: شیکردنەوە دەقە لە ئاستی وەسفکردندا.** کە خۆی لە چەند پرسیاری سەرەکیدا دەبینێتەوە؛ واتە ئەو پرسیارانەی کە دەکرێ سەبارەت بە دەقێک بکرێن:

**یەکەم، وشەکان:**

لە پۆلێنبەندیکردنی وشەکاندا سوود لە کام پلانەکان وەرگیراوە؟ چ جۆرە پەیوەندیگەلێکی واتایی (هاوواتایی، هاوبەشی واتایی، دژیەکی

واتایی) لەڕووی ئایدیۆلۆجییەوە (واتادار) لە نێوان وشەکاندا هەیە؟ وشەکان خاوەنی چ جۆرە بەهاگەلێکی پەیوەندین (رابطەای)ن؟ ئایا دەستەواژەگەلێک هەن کە بەڵگەبن لەسەر دەربڕینی باش؟

**دووەم، ڕێزمان:**

چ جۆرە پڕۆسە و بەشداربوویەک تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکان زاڵە؟ ئایا بکەر نادیارە؟ ئایا پڕۆسەکان هەر ئەوانەن کە دەبینرێن؟ ئایا سوود لە پڕۆسەی ناودروستکردن وەرگیراوە؟ ڕستەکان دیارن یان نادیار؟ ئەرێنین یان نەرێنین. تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکان خاوەن کام بەهاگەلی پەیوەندین؟ سوود لە کام لایەنەی (هەواڵی، پرسیاری، ئەمری) وەرگیراوە؟ سوود لە ڕاناوەکانی ئێمە و ئێوە وەرگیراوە؟ ڕستە (سادە) کان، چۆن بەیەکەوە بەستراونەتەوە؟ کام جۆرە ئامرازی پەیوەندی بەکارهاتوون؟ ڕستە ئاوێتەکان چۆن؟ بۆ گەڕانەوە بۆ ناوەوە و دەرەوەی دەق چ ئامرازگەلێک بەکارهاتووە؟

**سێیەم، بونیادی دەقی:**

لێرەشدا سەرنج لەسەر چەن خاڵێکی گرنگ چڕدەبێتەوە کە ئەویش بریتییە لەوەی، کە ئایا ڕێگەیەک هەیە لە ڕێگەیەوە ڕێگە بە بەشداربوو بدرێت کۆنترۆڵی قسەکردنی ئەوانی تر بکات؟ واتە دەق خاوەنی چ جۆرە پێکهاتەگەلێکی[٧] بەرفراوانە؟ (فرکلاف،١٣٧٩: ١٧٠-١٧١). لە هەنگاوی یەکەمی شیکردنەوەی داتاکانماندا، هەوڵدەدەین ئەم سێ هەنگاوە شەن و کەو بکەین. سەرەتا لەو ناو و وشانەوە دەستپێدەکەین، کە زۆرترین بەکارهێنانیان هەیە (لە ڕووی گوتاری سەرەکییەوە) لە کتێبی مێژووی پۆلی ١٠ دەدا.

| وشەکان لە کتێبی پۆلی١٠ | ژ. | وشەکان لە کتێبی پۆلی١٢ | ژ. |
| --- | --- | --- | --- |
| شارستانییەت | ١٢٨ | مامۆستا | ٢٥ |
| کورد | ١٢٢ | مزگەوت | ٤١ |
| کوردستان | ١٢٥ | فارس | ٢٥ |
| ئێران | ٢٧ | عەرەب | ٢٦ |
| عێراق | ٥٤ | نەتەوە | ٢٠ |
| مرۆڤ | ٨٥ | میللەت | ٢٣ |
| قوتابی | ١٧ | خوا و خواوەند | ٢٣١ |

ئەو ناو و وشانەی کە زۆرترین بەکارهێنانیان هەیە لە (ڕووی گوتاری سەرەکی) کتێبی مێژووی پۆلی ١٢دا.

| جۆرەکانی وشە | ژ. | جۆرەکانی وشە | ژ. |
| --- | --- | --- | --- |
| کورد و کوردستان (بە پاشگرەکانییەوە) | ٥٩٨ | عراق و عێراقی | ١٨٢ |
| ئێران (فارس و سەفەوی) | ١٥٧ | تورک و عوسمانی | ٣٣٥ |

**وشەکان:** ئەو وشانەی کە زۆرترین جار لە کتێبی پۆلی دەدا بەکارهاتوون، بریتین لە وشەکانی "خودا و خواوەند، شارستانییەت، کورد و کوردستان، مرۆڤ، ئێران، عێراق، مزگەوت، مامۆستا، قوتابی، فارس، عەرەب، نەتەوە و میللەت". لە کتێبی پۆلی دوانزەدا، ئەو وشانەی کە زۆرترین جار بەکارهاتوون بەڕیز بریتین لە "کورد و کوردستان، ئێران(فارس و سەفەوی)، (عێراق و عێراقی) و (تورک و عوسمانی)". لە کتێبی پۆلی دەدا وەک لە ناونیشانی سەرەکیی کتێبەوە هاتووە وشەی

کورد و کوردستان پێش خودا و خواوەند زۆرترین بەکارهێنانی هەیە. خودا و خواوەند (٢٣١) جار و کورد و کوردستان نزیکەی (٢٥٠) جار بەکارهاتووە. هەروەها وشەی شارستانییەت سێیەم زۆرترین بەکارهێنانی هەیە، کە دەکاتە (١٢٨) جار.

لە کتێبی پۆلی دوانزەدا سەرنجی دەق زیاتر لەسەر دوو وشەی "کورد و کوردستان" و وڵات و نەتەوەکانی دراوسێی کوردستان چڕدەبێتەوە. (کورد و کوردستان) نزیکەی (٦٠٠) جار، (تورک و عوسمانی)، (٣٣٥)، (عێراق و عێراقی) نزیکەی (١٨٢) جار و (ئێران، فارس و سەفەوی) نزیکەی (١٥٧) جار بەکارهاتوون.

**هاوتەریبی و هاوواتایی:** لە کتێبی پۆلی (١٠) دا چەمکەکانی (فارس، سەفەوی و ئێران) زۆرترین هاوواتاییان هەیە. (تورک و عوسمانییەکان)یش بە هاوواتای یەکتر بەکارهاتوون. هەروەها چەمکەکانی (شارستانی و مرۆڤ) ئەو دوو چەمکەن کە زۆرترین جار بە پاشگرەکانی (شارستانییەت ـ شارستانیبوون) و (مرۆڤایەتی) بەکارهاتوون.

**لە ڕووی کردار و سنووردانانەوە (افعال و قیود):** ڕەهایی و گشتگیری لە بەکارهێنانی وشەکان و ڕستەکاندا لە کتێبی پۆلی ١٠ و ١٢ دا کەم بەدیدەکرێ. تەنیا ٣ جار وشەی بێگومان یان گومانی تێدا نییە بەکارهاتووە. لە بری وشەکانی وەک" گومانی تێدا نییە، بێگومان بن، بە دڵنیاییەوە، بە تەواوەتی، هیچ شتێک، هیچ کەسێک، هیچ دینێک، بە تەواوەتی، کەس نییە، هیچ...تیانییە، هیچ نەتەوەیەک، وشەکانی وەک زۆرجار زیاتر بەکارهاتووە.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا ڕستەگەلێک هەن، کە بەڵگە بن لەسەر "دەربڕینی باش" و هەروەها ڕستەی "ئەرێنی" و"نەرێنی"؟ جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێو هەر دوو کتێبەکەدا بەدیناکرێت. ژمارەی ئەو

ڕستانەی کە نەرێنین زۆر زیاترن لە ڕستە ئەرێنییەکان. بە بەڵگەی ئەوەی لە دەیان شوێندا کە دواتر و لە ئاستی ڕوونکردنەوەدا ڕوونی دەکەینەوە، ئەو ڕستانەی کە باسی ژێردەستەیی نەتەوەی کورد و کوردستان دەکەن ڕێژەیەکی یەکجار زۆرن. هەر دوو کتێبەکە تەژین لە وشەگەل و ڕستەگەلی وەک "داگیرکردن... هێرشی گەورەی کرد و ڕاپەڕینەکەی لەناوبرد... فراوانخوازی... دەست بگرن بەسەر... دەستگرتن... زاڵبوون... سەرکەوتن و دەسەڵاتیان سەپاند... داننان بە دەسەڵاتی عوسمانی... پەلامار... سوپای تۆمان بای شکاند.. چەرکەس دانی نا بە دەسەڵاتی عوسمانیدا.. فەرمانڕەوای بەسرە ملکەچی بۆ عوسمانی ڕاگەیاند.. سەرکوتی نەتەوەی کورد.. ستەمی هەمەلایەنەی نەتەوەیی.. هەردوو پارچەی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی و ئێرانی.. کوردستانیان لە نێوان خۆیاندا دابەشکرد.. کۆتایی بە فەرمانڕەوایی کورد هێنا.. عوسمانی ئیشی بە کورد نەما.. کوردنشینەکان ڕاستەوخۆ خرانەژێر دەسەڵاتی ناوەند.. هەوڵیدا دەرەبەگ و سەرکردەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ بۆیە زەوی پێ فرۆشتن.. داگیرکردنی کوردستانی باشوور لە لایەن ئینگلیزەوە.. ژێر دەسەڵاتی ئینگلیز.. ژێر دەسەڵاتی عوسمانی.. ژێردەستی ڕژێمی شیعەی ئێران و ڕژێمی سونەی عسمانی.. ویستوویەتی لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی دەری بکات.. تەنانەت بۆ میرنشینی سۆران کاتێک دەنێررێت بۆ ئەستەنبول و لەوێ سێدارە دەدرێت.. هێرشیان کردووەتە سەر و پەلاماریانداوە و بەسەریاندا زاڵ بوون.. و لەناوبرد." ئەمانە هەموویان ڕستەی نەرێنین.

هەڵبەت ڕستەگەلی ئەرێنیش لەو شوێنانەی کە باسی سەروەری و بەرگرییەکانی میرنشین و سەرکردە کوردەکان بەرانبەر بە دەوڵەتانی سەفەوی و ئێران، عوسمانی و تورکیا و عێراق دەکەن بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەدیدەکرێن، بەڵام بە بەراورد بە ڕستە نەرێنییەکان ئێجگار کەم دەنوێنن.

لە هەردوو کتێبەکەدا ئەگەر پرسیار لەبارەی "جۆری ڕستەکانەوە" بکرێت کە ئایا ڕستەکان "سادە، ئاوێتە یان ئاڵۆز"ن، وەک دەردەکەوێت، ڕستەی ئاڵۆز لە هەر دوو کتێبەکەدا بەکارهاتوون. بە ئەندازەیەک کە لە هەندێک پاراگرافدا تا حەوت دێڕ بە بێ خاڵی کۆتایی نووسراون. سەبارەت بە ڕستەی ئاڵۆز، بۆ نموونە، وەک لەم دەقەدا دەیبینن، پاراگرافێک نووسراوە، کە بریتییە لە ڕستەیەکی ئاڵۆز و گران بۆ تێگەیشتن و خوێندنەوە. ئەمە سەرەڕای هەڵەی زمانەوانی و ڕەنووس کە بۆ نموونە وشەیەکی وەک "هیندۆئەورووپی" بە "هیند و ئەورووپی" دوو جار نووسراوەتەوە کە قوتابی لەو قۆناغەدا ڕەنگە نەتوانێت لە جیاوازییە واتاییە تێبگات، کە لەو دو شێوازەی نووسینی وشەکەدا هەیە.

> میللەتانی هیند و ئەورووپیەکان، هەروەك دانیشتوانی دۆڵی میزۆپۆتامیا - دۆڵی رشافیدەین، دیاردە سروشتیە کاریگەرەکانیان دەپەرست وەکو (ڕۆژ و زەوی و هەوا... هتد) لە خواوەندەکانیان وەکو خواوەندی (تیشووب) بەرامبەر بە خواوەندی (ئەنلیل) لە دۆڵی ڕافیدەین. و (شاوشکا) بەرامبەر (عەشتار) ی بابلی و خواوەندی ڕۆژ (میپرا). ئەم خواوەندە ڕۆڵی بەرچاوی لە هزری هیند و ئەوروپاییەکان بوو.

لاپەڕە ٢٤ی کتێبی پۆلی ١٠

**ڕاناوەکان:** پرسیار لەوەی کە چەند جۆرێک ڕاناو بەکارهاتوون، لە کتێبی پۆلی (١٠) دا "ئەو"ی ئەوی تری تورک و فارس و عەرەب و "ئەو"ی کورد زۆرترین بەکارهێنانیان هەیە. بەڵام ئەوەی جێی سەرنج و ڕەخنەیە کتێبەکە ئەگەرچی ئاڕاستەی قوتابی و خوێندکار کراوە، بەڵام ڕاناوی "تۆ" یان "ناوی "قوتابی" بە هیچ جۆرێک بەکارنەهاتووە. تەنیا لە پێشەکیی هەر دوو کتێبەکەدا ناوی "مامۆستا" بەکارهاتووە. واتە کەمترین جار ناوی قوتابی و ڕاناوی "ئەو" یان "تۆ"ی قوتابی بەکارهاتووە.

**بکەردیاری و بکەرنادیاریی ڕستەکان.** لە هەردوو کتێبەکەدا، لەبەرئەوەی کە ڕووداو و دیاردەکان ڕوویانداوە، ڕستەکان بکەردیارن. لە باسکردنی کوردەوە هەتا نەیارەکانی، هەتا شارستانییەتەکان و وڵاتانی دراوسێ و ڕۆژئاوا. بەڵام هەر دوو کتێبەکە چەندین جار ڕستەی بکەرنادیاریشیان تێدا بەهاتووە. بۆ نموونە کە باسی توێژەران دەکات، هیچ زانیارییەک سەبارەت بە توێژەرەکان نادرکێنێت. یان لە باسی هەزاران ساڵدا کە لە ڕووی مێژووییەوە کێشەیەکی گەورەیە ئەگەر ڕووداوەکان بە هەزاران ساڵ پێوانە بکەین. بۆ نموونە لە لاپەڕە ٦ی کتێبی پۆلی دەدا نووسیویەتی: "شارستانییەتی مرۆڤایەتی.. ڕەگەکانی دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ لەمەوبەر".

**کارەکتەرەکان:**

کارەکتەرە سەرەکییەکانی ئەم دوو کتێبە بریتین لەمانە: "کورد و کوردستان، شارستانییەتەکان، خودا، مرۆڤ، ئێران ـ فارس، عوسمانی ـ تورکیا، میرنشین، عێراق و سۆمەر، مزگەوت".

**شوێنەکان:**

ناوی وڵاتانی وەک ئێران، تورکیا، عێراق و کوردستان وەک شوێن زۆرترین جار بەکارهاتوون. ئەمە جگە لە وڵاتانی وەک بەریتانیا، فەڕەنسا و..

**فۆڕم و قەبارە:**

ئەگەر لە ڕووی فۆڕم و دیزاینیشەوە ئاماژەیەک بکەین، "قەبارە و بەرگی کتێبەکان" بە گوێرەی قۆناغ و ئاستی تێگەیشتن و تەمەنی قوتابی لەیەکەوە نزیکن. کتێبی پۆلی ١٠ لە ٢٢٤ لاپەڕە پێکدێت. کتێبی پۆلی ١٢ خۆی لە ٢٦٤ لاپەڕەدا دەبینێتەوە. کتێبی پۆلی ١٠ ڕەنگاوڕەنگە و لە

ڕووی ستانداردەکانی نووسینەوە گونجاوتر دەنوێنێت. چوارچێوەی لاپەڕەکان ڕەنگی سەوزە و هاوئاهەنگییەک لە نێوان پاراگرافەکاندا بەدیدەکرێت. بەڵام کتێب پۆلی ١٢ پاراگراف و ڕستەکان زیاتر لە شێوەی مەلزەمەدا نووسراوە و دیزاین کراوە. بۆ نموونە کە لاپەڕەی ٣٨ دەخوێنیتەوە دەقەکان دوو دێڕ و سێ دێڕ نووسراون. وەک بڵێی لە شێوەی مەلزەمەدا و بۆ لەبەرکردن ئامادەکرابێت. دیسان هەمان حاڵەت لە لاپەڕە ٤٠ دا دووبارە دەبێتەوە. ئەمە لە کاتێکدا بۆ نموونە لە لاپەڕە ٤٩دا یەک پاراگراف ٢٠ دێڕی بۆ تەرخانکراوە.

> لە کوردستاندا پەیدابوون، لە خوارەوە لە هەرێمی سلێمانی و شارەزوور میرنشینی بابان هەبوو.
> لە باکوریشەوە میرنشینی سۆران کە ناوچەیەکی زۆر فراوان و گەورەی گرتبووەوە کە زیاتر پارێزگای هەولێری ئێستای دەگرتەوە.
> لە رۆژئاوای سۆرانیشەوە میرنشینی بادینان هەبوو کە پایتەختەکەی ئامێدی بوو.
> لە ژووروی میرنشینی سۆرانەوە لە ناوچە شاخاوییەکاندا میرنشینی (هەکاری) هەبوو.
> وە لە رۆژئاوای هەکاری و بادیناندا میرنشینی بۆتان هەبوو، کە پایتەختەکەی جزیرە بوو، کە لە زۆر کۆنەوە ناوی دەرکردبوو.

**وێنەکان:**

بۆ وێنەکان، لە کتێبی پۆلی ١٠ دا، هاوئاهەنگییەک لە نێوان دانانی وێنەکاندا هەیە. بۆ نموونە بە گوێرەی بابەتەکان لە لاپەڕەکانی (٤٠،٢٦،١٦،٥، ٥٤، ٣٨) وێنەکان دانراون. ژمارەی وێنەکان ٥٤ وێنەیە. وێنەکان هەڵبەت لە هەندێکیاندا زانیارییان لەسەر دانەنراوە. بۆ کتێبی پۆلی ١٢ تاڕادەیەک هەماهەنگی هەیە و وێنەکان زیاتر ڕەش و سپی و کواڵیتییان نزمترە. ژمارەی وێنەکان (٤٥) وێنەیە.

بەکارهێنانی "سیمبول"ەکانی نووسین وەک (: ]([ )) ؟ ، ( ) و . [ ] ) لە هەر دوو کتێبەکەدا بە ڕێژەیەکی گونجار بەکارهاتوون. هەرچەندە بە بەراورد بە کتێبی پۆلی دوانزە، کتێبی مێژووی پۆلی دە گونجاوترە.

## ٣-٣-٢- شیکردنەوەی کتێبەکان لە ئاستی ڕاڤە (تفسیر)دا:

ئەم قۆناغە لە شیکردنەوە زیاتر بە دوای کاریگەری و پەیوەندیی نێواندەقیی گوتاردا دەگەڕێت. تێگەیشتن لەوەی کە چ کەسانێک لەم باس و خواستەدا دەست و پەنجە نەرم دەکەن؟ پەیوەندیی نێوانیان چییە و زمان چ ڕۆڵێک دەبینێت؟ بۆ وەڵامی پرسیارگەلی لەم چەشنە دەکرێ بەدوای ئەوەدا بگەڕێین کە لەم ڕووداوە پەیوەندییەدا چ دژیەکی و ململانێیەک لەناو گوتارەکاندا هەیە و بە پێچەوانەشەوە؟ زەمینەی دۆخی بەشداربووان چ جۆرێکە؟ چەند جۆر بەشداربوو لەم سێ کتێبەدا بەدیدەکرێن؟ نووسەر خاوەنی چ جۆرە گوتارێکە؟ لەم هەنگاوەدا زەمینەی هاوبەشی نێواندەقی و نێوانگوتاری، کە لە بەرهەمهاتنی ئەم دەقانەدا بەشدار و کاریگەرن تاوتوێ دەکرێن.

## ٣-٣-٣- شیکردنەوەی گوتاری دەقەکان لە ئاستی ڕوونکردنەوەدا (تبیین)

لە ئاستی سێیەمدا کە تایبەت بە شەنوکەوی گوتارە سەرەکییەکان، دەپەڕژێمە سەر وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا ناسنامەی نەتەوەیی وەک گوتار لەم دوو کتێبەدا ڕەنگیداوەتەوە. ئایا ئەم دوو دەقە توانای ئەوەیان هەیە خۆیان لە بەرانبەر هەژموون و کاریگەریی زمانەکانی تر و بە تایبەت ئیمپریالیزمی زمانی ئینگلیزیدا ڕابگرن؟ بۆ ئەمەش نزیکترین و ئاسانترین ڕێگا، بریتییە لە پشتبەستن بە هێماکانی و ڕەگەزەکانی ناسنامەی نەتەوەیی. ڕەگەزەکانی ناسنامەی نەتەوەیی بۆ نەتەوەی کورد چین؟ ئایا ڕەنگدانەوەی ئەم ڕەگەزانە لە کتێبەکاندا بەدیدەکرێت؟ ئامانج لە هەنگاوی ڕوونکردنەوە وەسفکردنی گوتارە وەک بەشێک لە پرۆسەی

کۆمەڵایەتی؛ ڕوونکردنەوە، گوتار وەک کردەیەکی کۆمەڵایەتی وەسفدەکات و نیشانیدەدات کە چۆن بونیادە کۆمەڵایەتییەکان، گوتار دەستنیشاندەکەن".(فرکلاف،١٣٧٩: ٢٤٥)

بۆ ئەمە دەبێت بزانین چۆن بونیادە کۆمەڵایەتییەکان، گوتارەکە دیتێرماین (تعین) دەکەن. هەروەها کاریگەریی گوتارەکان لەسەر بەرهەمهێنانەوەی ئەم بونیادانە چییە. ئایا گوتارەکە دەیەوێ گۆڕانکاری لە دەسەڵات و بونیاددا بکات یان دەیەوێ دەستی پێوەبگرێت و بیپارێزێت؟ لە ئاستی ڕوونکردنەوە و هەنگاوی یەکەمدا زەقترین ئەو گوتارانە دەستنیشانکراون، کە لە هەر دوو کتێبەکەدا ئاماژەیان پێکراوە و گرنگییان پێدراوە.

| گوتارە سەرەکییەکانی کتێبی پۆلی ١٠ | گوتارە سەرەکییەکانی کتێبی پۆلی ١٢ |
|---|---|
| ١-جیهانیبوونی چەمکی شارستانییەت و دیاردەکانی<br>٢-شارستانییەتی کوردستان و میرنشینەکان(شەدادی ڕەوادی، حەسنەوی، دۆستەکی ـ مەروانی، عەنازی.<br>٣-شارستانییەتەکانی دیکە (دووئاوان، دۆڵی نیل، ڕۆمانی، ئێرانی(زەردەشتی)،<br>٤-ئیسلامی (ئەیوبی و کورد) | ١-سەردەستەیی عوسمانی و سەفەوی.<br>٢-ململانێی عوسمانی و ئێران.<br>٣-گوتاری سەربەخۆیی کورد. |

هەر لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی ئەم گوتارە سەرەکییانەوە بە ڕوونی دەردەکەوێت کە ڕەگەزە سەرەکییەکانی ناسنامەی نەتەوەیی ئەگەر بریتی بن لەم کۆمەڵە ڕەگەزەی خوارەوە:

A- ئالا، سروودی نیشتیمانی، نەخشەی کوردستان، زمان (فەرهەنگی کوردی) و ئەدەب (شاعیرانی کورد)، ئەفسانەکان (کاوەی ئاسنگەر و زوحاک و شەرفنامە)، کەسایەتییە نەتەوەییەکان، پێشمەرگە.

B- شوێنەوارە کۆن و نەتەوەییەکانی وەک قەڵا و منارە، شێروانە، قەڵای کەرکوک.

C- کارەسات و تاوانەکانی وەک جینۆسایدی بارزانییەکان، کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفال، گردەچاڵ و نوگرەسەلمان.

D- دابونەریت؛ ١) جەژنی نەورۆز، شەوی یەڵدا، شایی و شیوەن.... ٢) جلوبەرگ؛ وەک جلی کوردی، ڕانک و چۆغە، شاڵ و کوڵەباڵ، کڵاش، فەرنجی و .... ٣) خواردنی کوردەواری؛ وەک ترخێنە، دۆینە.... ٤) تایبەتمەندییە ئەخلاقییەکان وەک بەغیرەتی، میواندۆستی، پێکەوەژیانی ئاینی و کلتووری، نیشتیمانپەروەری، گیانفیدایی، ئازایەتی و بەرخودان. ٦) ئاینیبوون، وەک گرنگیدانی کوردەکان بە ئاین و بەشداری لە بۆنە و جەژنە ئاینییەکاندا.

E- هونەری نەتەوەیی، وەک مۆسیقای کوردی، هەڵپەڕکێ و شایی کوردیی، هونەری خانوودروستکردن وەک ناوچەی هەورامان؛ تا چ ڕێژەیەک ڕەنگیانداوەتەوە.

**٤-  شیکردنەوەی دەقەکان بە گوێرەی ڕەگەزە سەرەکییەکانی ناسنامەی نەتەوەیی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە:**

**٤-١-  زمانی یەکگرتوو**

هەبوونی زمانێکی یەکگرتووی نیشتیمانی، خۆی یەکێکە لە بنەماکانی ناسنامەی نەتەوەیی. هەر ئەوەی کە ئەم کتێبانە بە دوو شێوەزاری سەرەکیی کرمانجی ناوەڕاست و باکوور دەنووسرێن و دەخوێندرێن و دەوترێنەوە، پێچەوانە دەبێتەوە لەتەک هەبوونی زمانێکی یەکگرتوو کە دواجار یەکێکە لە ڕەگەز و کۆڵەکەکانی ناسنامەی نەتەوەیی. چونکە "لە سەردەمی پۆستمۆدێرندا بە لەناوچوونی هەندێک لە نیشانەکانی ناسنامە وەک نەژاد، ڕۆڵی زمان تۆختر بووەتەوە". (قمری و حسن زادە، ١٣٨٩: ٣) کاتێک کە لە سنووری پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە و کەرکوکدا شێوەزارێک دەخوێندرێت و لە پارێزگای دهۆک شێوەزارێک، لە پارێزگایەک کە شێوەزاری هەورامی(ماچۆ) لە دەقەکاندا بە تەواوەتی پشتگوێدەخرێت و لە قوتابخانە ناحکومییەکاندا سەرتاسەری هەرێمدا زمانی ئینگلیزی وەک ئیمپریالیزمی زمانی زاڵدەکرێت و دەخوێندرێت، ئەوکات زمان وەک ناسنامەی نەتەوەیی تووشی گرفت و لاوازی دەبێت.

لە هەمانکاتدا لە ڕووی داواکردنی خوێندن و نووسینی زمانی کوردییەوە وەک یەکێک لە خواستە نەتەوەییەکان و داواکارییەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەوە، زمانی کوردی وەک مافی ڕەوای نەتەوە و ناسنامەی نەتەوەیی لە بەرانبەر زمانەکانی تر پێناسە و مومارەسە دەکرێت. لە هەمان کاتیشدا باس لە دابڕان و دووریی جوگرافی و کلتووری و هەبوونی سیستەمی دەرەبەگایەتی دەکات. دابڕانی ناوچەکان لەیەکتر و نەبوونی بیرۆکراتیەتی دامەزراوەیی و سیستەمی پێشکەوتوویی حکومڕای یەکێکی ترە لە گرفتەکانی نەبوونی زمانی یەکگرتوو وەک ڕەگەزێکی سەرەکیی ناسنامەی

نەتەوەیی. هەروەها لاوازیی سەرکردە و کەسایەتییە بەناوبانگەکانی کورد لە نووسین بە زمانی دایکیان هۆکارێکی دیکەی دواکەوتنی زمانی کوردییە. کتێبی پۆلی (١٠) لاپەڕە (١٨٥-١٨٦) دان بەوەدا دەنێت، کە ناودارانی کورد لە پرۆسەی نووسین و داهێناندا زمانی زگماکییان پشتگوێخست و هەرگیز بیریان لە بەکارهێنانی نەکردەوە، بەڵام ناسنامەی خۆیان پاراستووە و ناسناوی خۆیان لەدەستنەداوە و شانازییان بە بوونی هۆز و بنەماڵەکانیان کردووە.

### ٤-٢- ئاڵا

ئاڵا یەکێکە لە ڕەگەزەکانی شوناسی نەتەوەیی لە زۆربەی وڵاتان و نەتەوەکاندا. لە هەر سێ کتێبی مێژووی قۆناغی ئامادەییدا ئاڵای کوردستان گرنگییەکی کەمی پێدراوە و وەک شوناس بابەتی تایبەتی بۆ تەرخاننەکراوە. ئاڵای کوردستان تەنیا بە گوێرەی ڕووداوە گرنگەکانی مێژووی کورد وەک هەڵکردنی ئاڵا لەسەر بارەگا و دامەزراوەکانی وەک کۆماری مهاباد ئاماژەی پێکراوە. بەڵام وەک گوتارێکی سەربەخۆ کە ئاڕاستەی وەرگری پەیام و دەق کە خوێندکاری کورد بێت گرنگی پێنەدراوە.

### ٤-٣- نەخشەی کوردستان

نەخشەی کوردستانی گەورە بۆ نەتەوەی کورد زیاتر لە هەر نەتەوەیەکی تر ناسنامەی نەتەوەیی پێکدەهێنێت، بگرە لە هەندێک ڕووەوە پێش زمان دەکەوێت، کەچی گرنگییەکی کەمی پێدراوە و لە کتێبی پۆلی (١٢)دا، بۆ یەکەمجار نەخشەی ناوچە ئەنفالێکراوەکانی هەرێمی کوردستانی بەکارهێناوە. لە کتێبی پۆلی (١٠) لە کۆی نزیکەی ٣٣ وێنەی شوێنەوارە کۆنەکان و بەرهەمە کلتووری و ئەفسانەکانی نەتەوەکانی تر هیچ وێنەیەک بۆ ئاڵای کوردستان و نەخشەی کوردستان تەرخاننەکراوە.

تەنیا لە دوو شوێندا لە باسی میرنشینەکانی مەڕوانی و سەردەمی سەلاحەدینی ئەیوبیدا سێ وێنە تەرخانکراوە، کە ئاماژە بە دروستکردنی بینای تایبەت بە قەڵەمڕەویی میرنشینەکە و قەبری سەلاحەدینی ئەیوبی دەکات. هەڵبەت وێنەکانیش تایبەتن بە شارستانییەتی ئیسلامی. شوێنەوارە کۆنەکانی "شارستانییەتی کورد" کە بەشێکی گرنگ و سەربەخۆیی لە کتێبی مێژووی پۆلی (١٠) دا بۆ تەرخانکراوە، بۆ نموونە (قەڵا و منارەی هەولێر، شێروانە و کەرکوک، بێستون، قەڵا و شوێنەوارە مەزنەکانی کوردستانی باکوور و ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و... هەم وەکو وێنە و هەم بابەت کەمترین ئاماژەیان تەنانەت ئەگەر لە یەک دوو شوێندا وێنەی منارەی هەولێریش بەکارهاتبێت، وەک بەشێک لە شارستانییەتی ئیسلامی و لە لاپەڕەی یەکەمی ئەو بەشەدا دانراوە.

### ٤-٤- پێشمەرگە

هەروەها پێشمەرگە کە یەکێکە لە سیمبولەکانی ناسنامەی نەتەوەیی هاوشان لەتەک ڕووداوە مێژووییەکاندا باسی لیوەکراوە، بەڵام لە ڕووی مێژووییەوە زۆر پێش دروستبوونی چەمکی "پێشمەرگە" بەکار هاتووە. بۆ نمونە لە لاپەڕەکانی (٨٦-٨٧)دا، چوار جار باسی سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سەردەمی میر بەدرخاندا کراوە، کە مێژووەکەی بۆ ساڵی ١٨٤٢ دەگەڕێتەوە، لە کاتێکدا کە وشەی کوردستان وشەیەکی نوێیە و بە گوێرەی سەرچاوەکان بۆ یەکەمجار لە لایەن و لە سەردەمی کۆماری مهاباددا بەکارهاتووە.

### ٤-٥- ئەدەبیات و ئەفسانە

بەرهەمە ئەدەبییە ناوازەکانی کورد وەکو شەرەفنامە، کە دەبوو ببنە یەکێک لە ناسنامە نەتەوەییەکان هیچ گرنگییەکی پێنەدراوە. جگە لەوەش شاعیرە گەورەکانی کورد و ئەفسانە کوردییەکان کە بەشێک لە ئەدەبیات

و مێژووی نەتەوەی کورد پێکدەهێنن لە نێو دەقی هەر سێ کتێبەکەدا ڕەنگینەداوەتەوە.

ڕاستە لەم دوو سێ ساڵەی دواتردا کارەسات و تاوانەکانی وەک ئەنفال، کیمیابارانی هەڵەبجە، جینۆسایدی بارزانییەکان و ... لە کتێبێکی تایبەتدا دەخوێندرێن، بەڵام وەک گوتاری ناسنامەی نەتەوەیی ئەو ڕووداوانە لە نێو هەر دوو کتێبی پۆلی (١٠، ١٢) دا ئامادەییان نییە.

**٤-٦- مۆنۆمێنت و مۆزەخانەکان**

قوربانیدانەکانی کورد بە تایبەت لە باشووری کوردستان ڕەگەزێکی سەرەکیی ناسنامەی نەتەوەیی پێکدەهێنن. مۆنۆمێنت و مۆزەخانە تایبەتەکان بەم تاوان و ڕووداوە کاریگەرانە، لەوانەش مۆنۆمێنتی کیمیابارانی هەڵەبجە، ئەنفال و بارزانییەکان دەبێت ببنە بەشێک لە ناسنامەی نەتەوەیی. بەڵام لەم سێ کتێبەدا نە وەک بابەت و نە وەک وێنە ئەم مۆنۆمێنتانە گرنگییان پێنەدراوە.

**٤-٧- کلتوور و دابونەریت**

مەگەر جەژن و بۆنە نەتەوەییەکانی وەک نەورۆز هێندەی ئاڵا و خاک و نەخشەی کوردستان ڕەگەزی سەرەکیی ناسنامەی نەتەوەیی پێکبهێنن. جەژنی نەورۆز وەک جەژنی نەتەوەیی و وەک دابونەریت، ڕێوڕەسمەکانی تایبەت بەو جەژنانە (وەک ئاگرکردنەوە)، جلوبەرگ و بەرهەمە کلتوورییەکان کە لەو جەژنانەدا لەبەر و لەسەر و لە پێ دەکرێن وەک (ڕانک و چۆغە، کڵاش و فەرەنجی و کوڵەباڵ)، ئەو خواردنە کوردەوارییانەی سازدەکرێن و پێشکەشدەکرێن، دواجار هونەری کوردی لە گۆرانی و ئاواز و هەڵپەرکێی کوردییەوە (وەک هۆر و سیاچەمانە و

لاوک و حەیران) تا هونەری خانوودروستکردن (وەک لە ناوچەی هەورامان) هەن، ئەمانە هەمووی ناسنامەی نەتەوەیی کورد پێکدەهێنن، بەڵام کەمترین ڕەنگدانەوەیان لە نێو کتێبی مێژووی قۆناغی ئامادەییدا هەیە.

## ٤-٨-   میر و سەرکردەکانی کورد

دەتوانین ئەو گوتارانەی کە باسی سەرکردەکانی کورد و میرنشینەکان دەکات ـ واتە لە سەردەمی میرنشینەکانەوە تا سەردەمی شۆڕشی ئەیلول ـ کە باسی ئازایەتی و قارەمانیەتی و نیشتیمانپەروەری و سەربەخۆخوازیی زۆرێک لەو سەرکردە و میرە کوردەکان دەکەن لە دوو گۆشەنیگاوە بخوێنینەوە. خوێندنەوەی یەکەم ئەوەیە کە هەندێک لە سەرکردە و میرەکان، ئەگەرچی جڵەوی دەسەڵاتی میرنشینەکانیان بەدەستبووە، بەڵام لە کار و چالاکی و خەباتیاندا مۆرکێکی ئاینییان بەسەردا زاڵ بووە. بۆ نموونە یەکێک لە چالاکییەکانیان بریتی بووە لە دروستکردنی سەدان و هەزاران مزگەوت و شوێنی ئاینی و کەمتر گرنگییان بە مۆرکی نەتەوەیی و کوردی داوە. بۆ نموونە لە باسی ناکۆکییەکانی نێوان سەفەوی و عوسمانییەکاندا ئاماژە بە پاشکۆیەتیی سەرکردە کوردییەکان دەکات بۆ دەوڵەتی عوسمانی لە ژێر کاریگەریی سۆزی ئاینیدا. هەروەها لە لاپەڕە (١٣) کتێبی پۆلی (١٢) دا ئاماژە بە بوونی هەست و سۆزی ئاینی دەکات کە هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی کوردەکان بکەونە ژێر کاریگەریی سەفەوی و عوسمانییەکانەوە. "میر و بەگە کوردەکان کە زۆربەیان بە مەزهەب سوننی بوون نەیانتوانی ببن بە هێزی سێیەم لە ناوچەکەدا، سەرەڕای نەبوونی هەست و سۆزی نەتەوایەتی لە ناو کوردا، لەوکاتەدا بە مانای نوێ... بەڵکو هەستی مەزهەبی زاڵ بوو بەسەریاندا.

خوێندنەوەی دووەمیش باسی گوتاری نەتەوەخوازی و نیشتیمانپەروەری و ئازایەتی و ملنەدانی هەندێک لە میرەکانی وەک میری ئەردەڵان و سۆران دەکات بەرانبەر بە دەوڵەتانی عوسمانی و سەفەوی.

## ٤-٩- گوتاری ژێردەستەیی کورد

بە سەرنجدانێکی وردی دەقەکان، زۆر بە سانایی زاڵبوونی گوتاری "سەردەستەیی ئەوی تر"ی عوسمانی و سەفەوی (ئێران)ی و "ژێردەستەیی کورد" کورد خۆی دەنوێنێت. ئەم سەردەستەییە لە بەکارهێنانی دەیان جاری وشەگەلی وەک "داگیرکردن، هێرشی گەورەی کرد و ڕاپەڕینەکەی لەناوبرد، فراوانخواز، دەسەڵاتیان فراوانبکەن، دەست بگرن بەسەر، دەستگرتن، زاڵبوون، سەرکەوتن و دەسەڵاتیان سەپاند، داننان بە دەسەڵاتی عوسمانی، پەلامار، سوپای تۆمان بای شکاند، چەرکەس دانی نا بە دەسەڵاتی عوسانیدا، فەرمانڕەوای بەسرە ملکەچی بۆ عوسمانی ڕاگەیاند، سەرکوتی نەتەوەی کورد، ستەمی هەمەلایەنەی نەتەوەیی، هەردوو پارچەی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی و ئێرانی، کوردستانیان لە نێوان خۆیاندا دابەشکرد، کۆتایی بە فەرمانڕەوایی کورد هێنا، عوسمانی ئیشی بە کورد نەما، کوردنشینەکان ڕاستەوخۆ خرانەژێر دەسەڵاتی ناوەند، هەوڵیدا دەرەبەگ و سەرکردەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ بۆیە زەوی پێ فرۆشتن، داگیرکردنی کوردستانی باشوور لە لایەن ئینگلیزەوە، ژێر دەسەڵاتی ئینگلیز، ژێر دەسەڵاتی عوسمانی، ژێر دەستی ڕژێمی شیعەی ئێران و ڕژێمی سونەی عسمانی. ویستوویەتی لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی دەریبکات، تەنانەت بۆ میرنشینی سۆران کاتێک دەنێردرێت بۆ ئەستەنبول و لەوێ لەسێدارەدەدرێت، هێرشیان کردووەتە سەر و پەلاماریانداوە و بەسەریاندا زاڵ بوون، لەناوبرد" خۆی دەبینێتەوە. لە بەرانبەریشدا لە چەند شوێنێکدا و بە تایبەت لە باسی میرەکانی کورددا کە هەندێک جار لەو دوو دەوڵەتە یاخیبوون و ملیان بۆ کەچ نەکردوون،

گوتاری بەرگری و داواکردنی سەربەخۆیی بۆ کوردەکان زەقدەبێتەوە. بەڵام گوتاری یەکەمیان زۆر زاڵترە و خوێنەر زۆر بە ڕوونی هاوشان لەتەک گوتاری قوربانیدان و ستەملێکراویی نەتەوەکەی هەست بە خۆبەکەمزانین و ژێردەستەیی کوردەکان دەکات لە ڕابردوودا. هەر ئەمەش وادەکات کە لە مێنتاڵیتی خوێنەر و وەرگری دەقدا پەرتەوازەیی و ناسنامەیەکی پارچەپارچەبووی نەتەوەیی بێچم بگرێت. بۆ نموونە لەم دەقەی خوارەوەدا کە لە کتێبی پۆلی (١٠) ئاماژەی پێکراوە، وەها نووسراوە: "مەلا ئیدریسی بەدلیسی یەکێک بووە لە ڕاوێژکارەکانی کورد کە هەوڵی هێنانەناوەوەی میرنشینە کوردەکان بدات بۆ ژێر دەستی عوسمانی".

### ٥- ئەنجام

وەک ئەنجامگیری، گرنگە بە قسەیەک لەسەر فەلسەفە و سیاسەتی پەروەردە و فێرکردن دەستپێبکەین لە هەرێمی کوردستاندا. ڕاپۆرتێکی وەزارەتی پەروەردە بەم شێوەیە سیاسەتی پەروەردەیی نیشتیمانی ڕوونکردووەتەوە. "نەهێشتنی نەخوێندەوەرای و کەمیی بینای قوتابخانە، هەلی خوێندن بۆ هەمووان، زیادکردنی بودجە و بەمۆدێرنکردنی پرۆگرام، بەرزکردنەوەی توانای مرۆیی ستافە پەروەردەییەکان، کواڵیتی، هەروەها نەهێشتنی جیاوازی لە نێوان خوێندنی شار و دێهاتەکان. لە هەمووی گرنگتر گۆڕینی تەواوی ناوەڕۆک و شێوازی پەروەردە بۆ ئەوەی وەڵامی داواکاری بازاڕ بداتەوە. ئەمە لەکاتێکدا لە بەشی "پەیامی وەزارەتدا"، تەنیا لە یەک ڕستەدا باسی لایەنی نەتەوەیی دەکات ئەویش تایبەتمەندی نەتەوەیی کەمینەکانە." (ڕاپۆرتی بەڕێوەبەرایەتیی پلاندانانی پەروەردەیی، ل٣)

لێرەوە ئیدی ڕەنگە لە ڕووی فەلسەفەی پەروەردەوە پێویست بە ئەرگیۆمێنتی زۆر نەکات، چونکە لەم ڕاپۆرتەی بەشی بەڕێوەبەرایەتیی

گشتیی پلاندانانی پەروەردەییدا کە ڕووماڵی فەلسەفە و کار و چالاکییەکانی وەزارەتی پەروەردە دەکات لە هەشت کابینەی پێشوودا، بە هیچ جۆرێک باسی ناسنامەی نەتەوەیی، دروستکردن و پاراستنی نەکردووە. واتە دوور و نزیک لە نێو ستراتیجی وەزارەت و پڕۆگرامەکانیدا گوتاری ناسنامەی نیشتیمانی پلانی بۆ دانەنراوە و ئەوەی هەیە مێژوویەکی ئەنسکلۆپیدیایی وشکە.

ئەگەر لە ڕووی فۆڕمی نووسین و قەبارەی کتێبەکانەوە سەرنج بدەین، کتێبەکانی پۆلی (١٠و١٢) لە ڕووی فۆڕم، وێنە، بەرگ، بەکارهێنانی وشەی ناڕوون، هەماهەنگی پاراگرافەکان، هەماهەنگی سەردێڕەکان و ناوەڕۆک، هەماهەنگی بابەتەکان، هێماکان، دێڕەکان، لە ئاستێکی تاڕادەیەک باش دان. لە ئاستی ڕاڤەدا ڕوونکراوەتەوە، کە کتێبی پۆلی ١٠ گونجاوترە و سەرەنجڕاکێشترە و هاوئاهەنگیی نێوان بڕگە و پاراگراف و وێنەکان لە کتێبی مێژووی نوێ و هاوچەرخی پۆلی ١٢ باشترە.

لەم توێژینەوەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە گوتاری ناسنامەی نەتەوەیی لەم دوو دەقەدا گوتارێکی لاواز و هەژارە. چونکە ڕەگەزەکانی ناسنامەی نەتەوەیی تەنیا لە بابەتی "داواکاری بە فەرمی ناساندن و خوێندنی زمانی کوردی ئەویش لە کاتی گفتوگۆکاندا لەتەک دەوڵەتانی سەفەوی و عوسمانی و عێراقدا ڕەنگیداوەتەوە. ڕەگەزەکانی دیکەی ناسنامەی نەتەوەیی کە خۆی لە ئاڵا، نەخشە و سروودی نەتەوەیی کوردستان، هەروەها سیمبولەکانی وەک پێشمەرگە، مۆنۆمێنت، شوێنەوارە کۆنەکان، ئەفسانە و ئەدەبیاتی کۆنی کوردی، دەستکەوتە کلتوورییەکان و سەرکردە نەتەوەییەکاندا خۆی دەبینێتەوە، لە ئاستێکی زۆر لاوازدا خۆی نمایش دەکات. ئەمە جگە لەوەی کە ناسنامەیەکی نەتەوەیی پارچەپارچە، هەژار، کاریگەر بە ئاین، ژێردەستە و قوربانی خۆی نمایش دەکات. گوتارەکانی کورد وەک ژێر دەستە، کورد وەک

داردەستە، کورد وەک قوربانی، کورد وەک موسوڵمان، کورد وەک میللەتی پەرتەوازە، کورد وەک میللەتی بێ شوناسی نەتەوەیی زۆر بە زەقی بەرهەمهاتوون.

گوتاری کورد وەک ژێردەستە دەیان جار ئاماژەی پێکراوە. وەک داردەستە لەوکاتانەدا کە عوسمانی و سەفەوی هەرجارە و یەکێک لە سەرکردەکان و میرنشینەکانیان وەک داردەستە دژی نەیارەکانی خۆیان بەکاریانهێناوە؛ هەروەها گوتاری کورد وەک قوربانی و لە هەمانکاتدا کارەکتەرێکی ناچالاک کە زۆرجار ڕۆڵی تەماشاکەری بینیوە، لە ڕووداوەکاندا و خاک و وڵاتیان مامەڵەی پێوەکراوە خۆی نمایشدەکات. لە هەندێک شوێنیشدا میر و سەرکردە کوردییەکان خەباتیان کردووە لە پێناو نەتەوە و خاکەکەیاندا و بەرگرییان کردووە لە خواست و داواکارییەکانی نەتەوەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا. بەڵام ئەگەر میر و سەرکردە و میرنشینێکی وەک بەدلیسی بە شێوەیەکی ئەرێنی و وەک سەرکردەیەکی خاوەن شکۆ و نیشتیمانپەروەر وێناکرابێت، مۆرکێکی ئاینیی بەسەردا زاڵکراوە و داڕێنراوە لە مۆرکێکی نیشتیمانیی ڕووت. هەروەها کورد وەک نەتەوەیەکی پەرتەوازە و بێناسنامە کە خاڵییە لە هەموو ڕەگەزەکانی ناسنامەی نەتەوەیی زۆر بە زەقی باڵی بەسەر هەر دوو کتێبەکەدا کێشاوە.

لێرەوە دەتوانین بگەین بەو دەرەنجامەی کە ئەم دوو دەقە نەک ناتوانن بەرانبەر بە هەژموونی ئیپریالیزمی زمانیی و کلتووری بوەستێتەوە، بەڵکو لەبەر لاوازیی گوتاری ناسنامەی نەتەوەیی وەک یەکێکە لە ڕەگەزەکانی پاراستنی خۆی و بەرەنگاربوونەوەی ئیمپریالیزمی زمانی، تەنانەت لە هەمبەر هەژموونی "ئەوی دی" فارس و تورک و عەرەبدا، ناتوانێت خۆی ڕابگرێت. ئەگەر بڕیار بێت دەقێک یان گوتارێک پرەکتیزی گوتاری تایبەت بە خۆی بەرهەمبهێنێت، ئەوا دەقەکانی

کتێبەکانی مێژووی پۆلەکانی (١٠و١٢) مرۆڤێکی بێناسنامەی نەتەوەیی و بێئیرادە و ناچالاک بەرهەمدەهێنن.

## پەراوێزەکان

١ – linguistic Imperialism

2 Discourse Analysis

3 – Zhou

4 Critical Discourse Analysis

5 Intertextuality

6 Interdiscursivity

7 Construct

**سەرچاوە کوردییەکان:**


- لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، (٢٠١٥)مێژووی شارستانییەتەکان بۆ پۆلی دەیەمی ئامادەیی وێژەیی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان، هەولێر، چاپی یەکەم.

- لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، (٢٠١٥) مێژووی نوێ بۆ پۆلی دوانزەی ئامادەیی وێژەیی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان، هەولێر، چاپی یەکەم.


**سەرچاوە فارسییەکان:**


- ای ژیرو، هنری، (١٣٩٠) به سوی تعلیم و تربیت پست مدرن، ترجمه مرتضی جبریانی، از کتاب کهون، ارنست، از مدرنیسم تا پست مدرنیسم، تهران، نشر نی، چاپ هشتم.

- برنز، اریک، (١٣٨١)، میشل فوکو، ترجمه بابک احمدی، تهران، نشر ماهی، چاپ اول.

- بلیکی، نورمن، (١٣٩٢) استراتژی های پژوهش اجتماعی، ترجمه هاشم آقابیک پوری، تهران، جامعه شناسان، چاپ دوم.

- رندل، جاناتان، (١٣٨٣، با این رسوایی چه بخشایشی، ترجمه ابراهیم یونسی، تهران، نشر پاییز، چاپ سوم.

- زینی وند، تورج، نادری ڕوژین، (١٣٩٨)، امپریالیسم زبانی از دیدگاه نقادانه عزالدین المناصره، ادبیات و پژوهش های میان رشتەای، پژوهشگاه علوم انسانی و مالعات فرهنگی، دو فصل نامەی علمی، سال اول، شماره اول، ص١٨١-٢٠٢.

- فرکلاف، نورمن، (۱۳۷۹)، تحلیل انتقادی گفتمان، گروه مترجمان، تهران، مرکز مطالعات و تحقیقات ڕسانه ها، چاپ اول.

- قمری، محمدرضا، حسن زاده، محمد، (۱۳۸۹). نقش زبان در هویت ملی، دوفصلنامه علمی، پژوهشی زبان پژوهی دانشگاه الزهرا(س)، سال ۲، شماره ۳. صص ١٥٤-۱۷۲.

- لک، منوچهر. (١٣٨٤). هویت ملی در شعر دفاع مقدس، فصلنامه مطالعات ملی، س٦. ش۲.صص ۱۱۱-۱۳۲.

- محمد پور، احمد، (۱۳۹۲)، روش تحقیق کیفی ضد ڕوش۲، تهران، جامعه شناسان، چاپ دوم.

- ولی، عباس، (۱۳۹۸)، تبارشناسی کردها؛ برساخت ملت و هویت ملی در نوشته‌های تاریخی کرد، له کتێبی گفتارهایی در خاستگاه ناسیونالیسم کرد، نویسندگان، ولی، بزارسلان، برونسن، حسن پور، فوکارو، ترجمه، روحی، مراد، تهران، نشر چشمه، چاپ دوم. (صص۷۸-١٤١)

- یورگنسن، ماریان، فیلیپس، لوئیز، (۱۳۸۹)، نظریه و روش در تحلیل گفتمان، ترجمه هادی جلیلی، تهران، نشر نی، چاپ چهارم.

**English Reference:**

- Fairclough, Norman, 1941-Critical Discourse Analysis: Papers in the Critical Study of Language / Norman Fairclough. p. cm. - (Language in Social Life Series) Chiefly a Collection of Previously Published Arlicles and Essays, 1980-1993.

- Kingston, Jeff, 2019, the politics of religion, nationalism, and identity in Asia, The Rowman & Littlefield Publishing Group, Inc.
- Locke, Terry, 2004, Critical Discourse Analyses, London New York.
- Paul Gee James, 2011, an Introduction to Discourse Analyses, Routledge, London and New York.
- Weiss Gilbert & wodak Ruth, 2012, Critical Discourse Analyses, Theory and Interdisciplinarity, Palgrave Macmillian.

**Abstruct**

This research has tried to investigate the books of Civilization History (2015) and Modern and Contemporary History (2015) high school program in Kurdistan region through the method of Critical Discourse Analysis (Norman Fairclough). In these two books, the constituent elements of the Kurdish national identity, including the Kurdistan flag, map, calendar, national anthem, as well as symbols such as the Peshmerga, historical monuments, ancient works, mythology and ancient literature, cultural achievements and national leaders are manifested in a weak level. On the other hand, the national identity discourse is fragmented, subordinate, inclined and influenced by Islam and the victim.

Keywords: Critical Discourse Analyses, Norman Fairclough, History of Civilizations, Modern and Contemporary History, The discourse of National Identity, linguistic imperialism.